ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لە سەر قوربانیانی مین لە ئاوریلی ٢٠١٩ هەتا ئاوریلی ٢٠٢٠ لە کوردستان

# لە ئاوریلی ٢٠١٩ هەتا ئاوریلی ٢٠٢٠ لانیکەم ٢٧ هاووڵاتی لە کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مینەوە بوونەتە قوربانی

هەنگاو :ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو بە بۆنەی ٤ی ئاوریل) ڕۆژی جیهانیی وریاکردنەوە و هۆشداری لە مەڕ مەترسییەکانی مین (ڕاپۆرتێکی ئاماری لە سەر قوربانیانی مین لە کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

بە پشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی ئاوریلی ٢٠١٩ هەتا ئاوریلی ٢٠٢٠ لانیکەم ٢٧ هاووڵاتی لە سنوورەکانی کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مین بوونەتە قوربانی.

لە کۆی ئەو ٢٧ کەسە ٤ کەسیان گیانی لەدەست داوە و ٢٣ دیکە بریندار بوون یان بەشێک لە جەستەیان لەدەست داوە.

هەروەها ٣ کەس لە قوربانییەکان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ و منداڵ بوون کە یەکێکیان گیانی لەدەست داوە.

## جیاکردنەوەی قوربانیەکان بە پێی پارێزگا

پارێزگای سنە:١٠ قوربانی) ١ کوژراو و ٩ بریندار (کە دەکاتە ٣٧٪ی کۆی قوربانییەکان.

پارێزگای ئیلام: ٧ قوربانی ) ٧ بریندار (کە دەکاتە ٢٦٪ی کۆی قوربانییەکان.

پارێزگای ئورمیە: ٣ قوربانی ) ٣ بریندار (کە دەکاتە ١١٪ی کۆی قوربانییەکان.

پارێزگای کرماشان:٧ قوربانی) ٣ کوژراو و ٤ بریندار (کە دەکاتە ٢٦٪ی کۆی قوربانییەکان.




## جیاکردنەوەی قوربانیەکان بە پێی توێژی کۆمەڵایەتی

زۆرترین قوربانیانی مین لە کوردستان لەماوەی ساڵی ڕابردوودا کرێکاران بوون کە لەو ماوەیەدا ١٣ کۆڵبەر، شوان و کرێکار لەو ماوەیەدا بوونەتە قوربانی.

هەروەها ٦ هاووڵاتی مەدەنی و ٨ نیزامی کە سەرباز و فەرمانبەری ئیدارەی مین هەڵگرتنەوە بوون لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بە هۆی تەقینەوەی مینەوە بوونەتە قوربانی.

کرێکار:١٣ حاڵەت ) ٢ کوژراو و ١١ بریندار)

سەربازی:٨ حاڵەت) ٨ بریندار)

هاووڵاتی:٦ حاڵەت) ٢ کوژراو و ٤ بریندار)

**ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لە سەر قوربانیانی مین لە ئاوریلی ٢٠١٩ هەتا ئاوریلی ٢٠٢٠ لە کوردستان**




هەرچەند لە یاسا نێودەوڵەتییەکان کەڵک وەرگرتن لە مینی چێندراو بە تەواوەتی قەدەغە نەکراوە، بەڵام هێندێک بەربەستیان بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی بە کەمترین ئاستی خۆی بگات بۆ داناوە .بۆ وێنە لایەنەکانی شەڕ دەبێ نەخشەکانی ئەو کێڵگانەی کە مینیان تێدا چێندراوە ڕابگرن و دوای تەواوبوونی شەڕ ئەو کێڵگانە بە مەبەستی پشتگیری لە هاووڵاتیانی مەدەنی خاوێن بکەنەوە و مینەکان پووچەڵ بکەنەوە.

کۆنوانسیۆنی ئۆتاوا حکوومەتەکانی پێبەند کردووە کە خۆ لە بەرهەم هێنان، کۆکردنەوە و گواستنەوەی مینە دژە کەسییەکان ببوێرن، هەرچەند ساڵانە کەسانێکی زۆر لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی تەقینەوەی مینەوە دەبنە قوربانی، بەڵام ئەو وڵاتە هەتا ئێستا کۆنوانسیۆنی ئۆتاوای واژۆ نەکردووە.

فەراز فیرووزی مەندی، ڕاوێژکاری یاسایی هەنگاو لە پێوەندی لە گەڵ پەیوەست نەبوونی دەوڵەتی ئێران بەم کونوانسیۆنە نێودەوڵەتییە وتی :لە پێوەندی لە گەڵ پەیوەست نەبوونی ئێران بە کونوانسیۆنی ئۆتاوا دەبێ سەرنجێکی تایبەتی بدرێتە ناکۆکییە سنوورییەکانی ئێران لە گەڵ عێراقدا کە دەوڵەتی ئێران هەموو کات بە پاساوی پاراستنی سنوورەکان، خۆی

بواردووە لە دەروەستی بە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان .پرسێک کە سەرنجی کەمتری پێدراوە ناڕوون بوون و نیشانەنەکردنی سنوورە لە مەودایەکی بەرچاو لە ناوچەکانی رۆژاوای ئێراندا .پاش واژۆکرانی بەڵێننامەی ئاشتیی ئەلجەزایر و بەغدا لە نێوان دوو دەوڵتی ئێران و عێراق لە سالی ١٩٧٥دا، بڕیار درابوو کە ئەو نیشانەکردنی سنوورەکان لە ژێر چاودێری کومیسیۆنی هاوبەشی وتووێژەکانی تایبەت بە سنوورەکە بەڕێوە بچێت کە تا ئێستا لەو بارەوە هەوڵێک نەدراوە .

بەو پێیە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو شوێنانەی کە مینی تێدایە بە بەشێک لە تاکتیکی بەرگریکارانەی خۆی دادەنێ و ئامادە نیە بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی مینەکانی ئەو ناوچانە جێبەجێ بکات.

ئاماری مینە چێندراوەکانی لە پێنج پارێزگای رۆژئاوایی ئێران) سنە /ئورمیە / کرماشان /ئیلام /خوزستان (باس لە هەبوونی زیاتر لە ١٦ تا ٢٠ میلیون مین دەکەن کە لە ڕووبەری چوار میلیون و دووسەد هەزار هێکتاردا، چێندراون، زۆترین مینیش لە سنووری چوار پارێزگای کوردستان چێندراوە کە هەر هاووڵاتیەک دوو مینی بەرئەکەوێت.

سەرەڕای ئەو مینانە، سەرچاوەکانی هەنگاو پشتڕاستی دەکەنەوە کە حکومەتی ئێران لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو بە بیانووی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ حیزبە کوردستانیەکانی دژبەری ئێران مینی نوێی لە سنورەکانی کوردستان چاندووە و هۆکاری ئەوەیکە ئاماری قوربانیانی مین لە پارێزگای سنە بەرز بووەتەوە ، بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە.

## لیستی قوربانیەکان

## ڕاپۆرتی ئاماری هەنگاو لە سەر قوربانیانی مین لە ئاوریلی ۲۰۱۹ هەتا ئاوریلی ۲۰۲۰ لە کوردستان

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تەمەن | ش .بریندار بوون | ش. کوژران | تێبینی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەریم ڕاستی | مەریوان | ٥٥ | مەریوان | | کۆڵبەر | ١.٤.٢٠١٩ |
| ٢ | عەلی ڕەزا کەماڵی | مەشهەد | | سەقز | | سەرباز | ١.٤.٢٠١٩ |
| ٣ | عەباس ئەفرادی | ئورمیە | | سەقز | | سەرباز | ١.٤.٢٠١٩ |
| ٤ | جەماڵ مونسف | مازەندەران | | دێهلوران | | شووفێر | ١٣.٤.٢٠١٩ |
| ٥ | محەمەد ئیمان ورد | مەریوان | ٥٠ | مەریوان | | جووتیار | ١٦.٤.٢٠١٩ |
| ٦ | شاهۆ سپاهی | بانە | ٢٢ | | بانە | کاسبکار | ١٤.٥.٢٠١٩ |
| ٧ | سۆران سپاهی | بانە | | بانە | | کاسبکار | ١٤.٥.٢٠١٩ |
| ٨ | دانیاڵ عەزیزی | ڕەبەت | ٢٥ | سەردەشت | | کۆڵبەر | ٧.٦.٢٠١٩ |
| ٩ | یەعقووب حاجی پوور | ئیلام | ٤٩ | ئیلام | | مین هەڵگر | ١٥.٧.٢٠١٩ |
| ١٠ | شێرکۆ | سەردەشت | | سەردەشت | | هاووڵاتی | ٦.٨.٢٠١٩ |
| ١١ | عادڵ یەعقووبی | سەوڵاوا | ٢٦ | سەردەشت | | کۆڵبەر | ٣٠.٩.٢٠١٩ |
| ١٢ | سالار پژووهی | پاوە | | نەوسوود | | کۆڵبەر | ٩.١٠.٢٠١٩ |
| ١٣ | ئەرەستوو نیک بین | سەقز | ٢٩ | سەقز | | شوان | ٢٨.١٠.٢٠١٩ |
| ١٤ | ئەشکان فەتاحی | نەوسوود | ١٨ | نەوسوود | | کۆڵبەر | ٥.١١.٢٠١٩ |
| ١٥ | مێهدی | مێهران | ١٠ | مێهران | | مەدەنی | ١٨.١١.٢٠١٩ |
| ١٦ | عوسمان ڕوستەم زادە | پاوە | | پاوە | | کۆڵبەر | ١٠.١٢.٢٠١٩ |
| ١٧ | عەلی مەلەکی | سەلاسی باوەجانی | ٢٢ | | ئیزگڵە | هاووڵاتی | ١٠.١.٢٠٢٠ |
| ١٨ | کامران مەلەکی | سەلاسی باوەجانی | ١٩ | ازگلە | | هاووڵاتی | ١٠.١.٢٠٢٠ |
| ١٩ | پیاوێک | مێهران | | مێهران | | مین هەڵگر | ١٨.١.٢٠٢٠ |
| ٢٠ | حوجەت | مێهران | | مێهران | | مین هەڵگر | ١٨.١.٢٠٢٠ |
| ٢١ | شوانێک | کرماشان | ٢١ | شوش | | شوان | ١١.٢.٢٠٢٠ |
| ٢٢ | ئەشرەف چراغی | مێهران | ٢٧ | مەیمەک | | شوان | ١٤.٢.٢٠٢٠ |
| ٢٣ | پەیامڕوستەمی | قەسری شیرین | ١٤ | | خوسرەوی | شوان | ٢٢.٢.٢٠٢٠ |
| ٢٤ | کەیوان ئەعزەمی | سەرپێڵی زەهاو | ٣٧ | | سەرپێڵ | مەدەنی | ١٥.٣.٢٠٢٠ |
| ٢٥ | مازیار ئوستۆکی | میاندواو | ٢٠ | سەقز | | سەرباز | ٣٠.٣.٢٠٢٠ |
| ٢٦ | جەواد مێهدی زادە | شنۆ | ٢٠ | سەقز | | سەرباز | ٣٠.٣.٢٠٢٠ |
| ٢٧ | موحسن مەلەکی | | ٢٠ | سەقز | | سەرباز | ٣٠.٣.٢٠٢٠ |
| ٢٨ | | | | | | | |
| ٢٩ | | | | | | | |
| ٣٠ | | | | | | | |